# گڵۆپە سورەکەی دوایین

# مەرام لە شیعردا



باران

بە گشتی هەموو بابەتێك و داهێنانێکی ئەدەبی و هونەری و زانستی و فەلسەفی ... هتد ، لـە بۆشاییەوە نەهاتۆتە بەرهەم ، بەڵکو پاشخان و ڕابردوویەکی هەیە، لە سەرووی هەموانەوە، هۆنینەوە و هەڵڕشتنی هۆنراوە، کە پەیوەستە بە سۆز و ناخ و خودی شاعیر و کۆژان و ئەزموون و ئاستی ڕۆشنبیری و زمانەکەی و ئەو بابەتەی بە زمانێك دایڕشتووە، جیا لە زمانە ئاساییە گوفتارە ڕۆژانەییەکانی نیو کۆمەڵگە کە پێیدەدوێن، شاعیر نا مەئلوف دەکاتە مەئلوف، خەیاڵ و وەهم و خەون بە تەرازووی حەقیقەت دەفرۆشێ و نـا واقیع بە واقیع نیشانددەدا، بە جۆرێك بڕوا بە خوێنەران بهێنێ، کە ڕاستییە ئەگەر نەبوویش بێت ڕەنگە لە ئایندە ڕوو بدات وەك پێشبینییەکی شاعیرانە ، ئەم داهێنان و کارانە دەوەستێتە سەر ڕادەی ئاستی ڕۆشنبیری و توانا و لێزانی و ئەزموون و هونەرکارییەکەی شاعیر، کە لە دەربڕیندا ئازادە لە هەڵبژاردنی هەر جۆرە فۆرم و ستایل و تەکنیك و شێوازی دەربڕینی بە خەیاڵ و فانتازیا و ئیحاکانی سرووشتی خۆڕسك بێ، یان چنینەوە و دروستکراو بێت ، دیارە دەستێکی غەیبیش دەست بۆ ناو قووڵایی گیانی شاعیر درێژدەکات ، داو داو بیرەوەری و ڕووداوە تۆمار بووەکانی ،کە بە چاو و گوێ و هەست و نەست و لەمس تۆماری کردوون سەر هەڵبدات و دواتر بە دامەزراندنی ڕایەڵ و داڕژانی ئەو هەورە کەڵەکە بووەدا بکەوێتەوە، کە بارانە شیعرەکەی لێ جیا دەبێتەوە 00 لێرەدا ئەوەی مەبەستمانە شاعیر تا چەند بە توانایە گۆڕانکاری بە سەر چنینەوەی شیعرەکانیدا بهێنێ بە فۆرم و شێوازی دەربڕینی نوێ و ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەران، لە هەمانکاتدا یەکێتیی ئۆرگانی و بابەتی بپارێزێ، دواتر ئەنجامێك بدات بە دەستەوە واتە (کۆتایی تونێڵ ــ کۆتایی شەقامەکە ــ وەشاندنی دواین چەکوش ــ دواین خاڵی وەستان لە بەردەم دواین وێستگەدا ــ گلۆپە سوورەکەی دواین مەرام ــ دەرچوون لە تەم و مژ و هەورەکە و گەیشتن بە ڕۆشناییەکە ــ وەڵامێکی کۆتایش بۆ گوژمەیەك پرسیار .... هتد ) واتە لە سەرەتای شیعرەوە داڕشتنەکە وەکو ( دەق یان وینە شیعرێك ــ کۆپلە ــ بروسکە شیعر ــ خونچە شیعر ــ شێوازی هایکۆیی .....

هتد ) گرنگ لێرەدا وشە بە وشە ، دێڕ بە دێڕ ، ڕستە بە ڕستە ، شاعیر بازنەیەك دروستبکات، کە خوێنەر لە نێویدا سووڕبخوات و لێی دەرنەچێ و هەست بە ئابلوقەدانی خۆیشی نەکات، هێندە بە پەرۆشەوە بە دوا چوونی بابەتەکە بکات و لێی دانەبڕێت، تا دەگاتە دوا وێستگە و خاڵی مەبەست، ڕەنگە بابەتەکە لە سەرەتاوە هەر بە شاراوەیی بێت و مەرامەکان دیار نەبێت ، بەڵام دوا ئەنجام گرنگە کە جۆرێکە لە تەقینەوەیەك و حەپەسان و سەرسامییەك لە مێشك و دڵی خوێنەر دەخوڵقێنێ ، جگە لە شیعر لە زۆر بابەتی دی وەك ڕۆمان و چیرۆك ئەم دیاردەیە داڕشتنە هونەریەم هەست پێکردووە بە تایبەتی لە چیرۆکەکانی (چیخۆف )دا کە بابەتێکی نا ڕۆشنەنی بنیاتدەنێ و لە کۆتاییەکەیدا دوا چەکوش دەوەشێنێ و دوا مەبەست بە دەستەوە دەدات 1.

جا بزانین لەشیعری شاعیرانیشدا چۆن ئەم شێوازە داڕشتنە ڕەنگیداوەتەوە ، ئیتـر گرنگیش نییە شاعیرانی کلاسیزم، ڕۆمانسی، بریالیزمی، پەرناسی، سیمبۆلیزم، پێشەنگی، فۆتۆریزمی ئایندەیی، دادایی و سریالی، ئیماگیزمی، مۆدێرنیزم و پۆست مۆدێرنیزم بێت داخراو، یان کراوە ئەنکلۆسکۆنی ... هتد ، گرنگ دوا مەبەستە کە هەموو بابەتەکە دەیگوشێنێتە بار یەك و دوا دڵۆپە دەتکێنێ و گوزارشت سەر ئاو دەکەوێت، بۆ نموونە (حەمە کاکە ڕەش)ی شاعیر لە قەسیدەیەکدا بە ناونیشانی ( دڵێك لە ئاگر ــ دڵێك لە بەفر )دا کۆپلەیەك لە شیعرەکەی وەك نموونەیك کە دەڵێت : ــ

**ئەی مرۆڤ کە پیـر دەبیت دەچەمێیتەوە**

**چ جەلادێکی بۆ کەمێ ڕاست بوونەوەی خۆت**

**من بە جوانی دەچەمێنییەوە**

**( گۆچانێك ) ( 1 )**

لێرەدا شاعیر لە وشەی ( گۆچانێك )دا هەموو دێڕەکانی سەرەوەی بە هەموو ماناکانییەوە کۆکردۆتەوە، واتە گلۆپە سوورەکە و دواین مەرامە، دیارە هەر لە سەرەتاوە ڕاستەوخۆ نەهاتۆتە ناو باسەکە، دوای ئەوەی مرۆڤ پیر دەبێ و پشتی دەچەمێتەوە، لێرەدا شاعیر بە نادیاری باسی چەمانەوەی دارێك دەکات،

ژمارە 2
ئەیلول
2016

که مرۆڤە پیرەکە بووە بە جەلادی ئەو دارە و دەیچەمێنێتەوە، دوا وتەش بۆ ئەو شتە بەجێدەهێڵێ کە مەسەلەکە ئاشکرادەکات کۆماوەی (گۆچانێك)

یان لە قەسیدەیەکی تردا بە ناونیشانی (بە بێ تۆ ئاسمان نابینم ) لە کۆپلەیەکدا دەڵێت :

**کە دەچمە بەرزایی ئاسمان**

**گیانم پڕ دەبێ لە ترسی مردن**

**چونکە رۆحم بە تاڵە دەزوویەکەوە بەندە**

**( کۆلارەیەك ) * ( 2 )**

بە هەمان شێوە بە ناڕوونی و ناڕاستەوخۆیی شتێك دەڵێت، کە دەچێتە ئاسمان و گیانی پڕ دەبێ لە ترسی مردن و بە تاڵە دەزوویەکەوە بەندە ، جا چەکوشی وەشێدراو لە ژێرەوەی هەموو دێڕەکانەوەیە کە ئاشکرا دەبێت چییە و دوا وتەی بۆ ئەو بەجێ دەمێنێ ئەویش ( کۆلارەیەك )

شاعیر ( بۆتان جەلال ) لەم چەند دێڕە شیعرەیدا دەڵێت :

**پیاوێك مێرخاس**

**پیاوێك سەر ڕاست**

**پیاوێك ستەملێکراو**

**پیاوێك هەمیشە نیگەران**

**پیاوێك هەمیشە تفەنگ لە شان**

**ئەو پیاوە تەئکید کوردە ( 3 )**

شیعرێکە ناڕاستەوخۆ ، دەستی خوێنەر دەگرێ و ڕادەکیشێتە نیو دێڕەکان و هەر لە سەرەتاوە پەیوەستی دەکات، کە دێڕ دێڕ لە شیعرەکەی دانەبڕێ و بە عەوداڵییەوە بە دوای مەبەستە کۆتاکەی دەکەوێت کە دوا چەکوشە شاعیر دەیوەشێنێ ئەویش ( ئەو پیاوە تەئکید کوردە )

*هەڵبەتە دەقی سەرکەوتوو خوێنەر وا لێ دەکات، کە بە ناچارییەوە بە دوای مانا و هێما و دال و مەدلوولە ناوپۆشراو و ئاماژەکانی بکەوێت، ئەوەش دەوەستێتە سەر شاعیر تا چەند لە گەڵ گۆڕانکارییەکاندایە، کە بە سەر شیعردا دێت لە رووی ستایل و فۆرم و شێوازە تازەگەرییەکانی، واتە لایەنی هونەری و تەکنیکە تازەکانی سەردەم و پەیڕەو کردنی 0

( یاکۆبسن ) دەڵێت : ( شیعر ئەو زمانەیە بە ستایلێکی تایبەت ڕێك خراوە ) * ( 4 )

*شاعیرێکی لاو ( هیمن بەرزنجی ) لە شیعرێکیدا لە ژێر ناونیشانی (شازادەیەك نوستووە ) ... وشەی ( من ) کە دوو بەشە لە یەك مانا دەربڕیندا کۆبۆتەوە بریتییە لە ( 69 ) دێڕ ، هەر لە سەرەتای شیعرەکەوە دیارنییە دەیەوێت چی بڵێت تا کۆتایی لە بیستەمین دێڕدا دوا وتەی شیعرەکەی ئاشکرا دەکات، واتە بەو ستایلە هونەرییە تازەیە شیعرەکەی داڕشتووە، کە هەموو دێڕەکان لە خزمەت دوا دێڕن، کە دوا مەرام و مەبەستە کاتێ دەڵێت :

**ترپەکانی دڵم ڕاگرتووە ـــ لە سووچێکی ژوورەکەمدا**

**لە ناو تابووتی تەنیایدا ڕاکشاوم**

**مژ لە جگەرەکەم نادەم ـــ نەبا ترپەکانی دڵم دەنگی بێ**

**شەراب ناخۆمەوە ـــ دەزانم من هەمیشە بە مەستی گۆرانی دەڵێم**

**من دەبێ ... بێدەنگ بم ـــ بێ جوڵە بم**

**بە دایکم دەڵێم : هیچ ناخۆم ـــ دەنگی ئەو سەوزە و میوە فرۆشەی خامۆشکە**

**نەهێڵێ غاز فرۆشەکە بە بەر ماڵدا تێپەڕێ**

ئیزن وەرگرن لە پەرستگا بانگ بە نهێنی بدات.....( ئیتر بەردەوام دەبێت لە درێژە پێدانی شیعرەکەی کە یەکێتی ئۆرگانی و بابەتی تیا پاێزراوە بۆ یەك مەبەستی دواین دێڕدا ) تا لەم دێڕانەی دواین دواییندا کە لەشیعرەکەی دانەبڕاوە بۆ هەمان مەبەست دەڵێت ....

**تەلەفزوێن و ڕادوێکە بکوژێننەوە**

**کەس یەك وشەی لە دەم نەیەتە دەر**

**یان دەڵێت ... تکایە پەنجەت لە سەر هۆڕنی ئۆتۆمێلەکان دامەنێ**

**بێدەنگ بن و هێمنی بپاریزن**

**گەشتی فرۆکەکان ڕاوەستێنن**

**تا گرمە گرمی نەیەت**

**دەترســم بە ئاگا بێتەوە**

**کچێك لە دڵما نوســتووە** * ( 5 )

ئیتر هەر وەك پادشا و جەنەڕاڵ و دکتاتۆرێکی دەست ڕۆیشتوو فەرمانە و دەریدەکات ( بــۆ ؟ ) تا ئەو کچەی لە ناو دڵیدا نووستووە، نەترسێ و نەکا بە ئاگا بێت ، چەند جوانە لەپێناوی دوا مەرام و خۆشویستنی بۆ ئەو کچەی کە لە دڵیدا نوستووە ( 69) دێڕ بێدەنگی بپارێزێ بە فەرمانی شاعیر خوێنەریش بە دواچوونی بۆ بکات، بزانێ شاعیر چی دەوێ و نەتوانی لە دێڕ و مانا شاراوەکانی دابڕێ، تا لە دواین دواین دێڕدا بۆی روون دەبێتەوە شاعیر چی مەبەستە 0 ئەویش ( کچێك لە ناو دڵیدا نووستووە ) هەر چەندە وەك تبینییەکی بچووکیش ئەم شیعرە لە گەڵ کۆپلە شیعرێکی شاعیـر ( لەتیف هەڵمەت ) بە یەك چوونییەك هەیە وەکو بیـرۆکە ، بەڵام مەرجێکی ئەوتۆش نییە رەنگە دەق ئاوێزانیەك یان بێئاگاییەکیشی تیا بێت..

( لەتیف هەڵمەت ) لە چەند دێڕیدا بە ناوی ( یەکەم تبینیی مایکۆفی ) دا دەڵێت :

**با شاهانشاکان گوێ بگــرن**

**شاعیرێك دەیەوێ بــدوێ**

**با ڕەشەباکان راوەســـتن**

**نێرگزێك دەیەوێ بــروێ**

**با تفەنگەکان بێ دەنگ بن**

**مناڵێـك دەیـەوێ بنـوێ**

*شاعیر لە نێو سروشتدا دەژی و لە گەڵ سروشتدا ئاوێتە بووە و لە شیعریشدا ئەو کەرستانە بە کاردەهێنێ، کە چیژی لێ وەردەگرێ و ناتوانێ لێیدابڕێ، هەروەها بە زمانی سروشتەوەش شیعرەکانی دادەڕژێ چ وەك ئەسڵی بەرچاویان لە بری وشەی تر بە جۆرە دربڕین و ستایشێکی تر، بۆئەوەی بە زمانێکی ڕاستەوخۆ و تقلیدی نەپەیڤی و گوزارشت لە شیعرەکانیدا بە ئاسایی و ساکاری نەخوێندرێتەوە، واتە بە دەربڕینێکی دی کە خەیاڵ و نا هەستیی شاعیر رۆڵی خۆی تیا بینیووە و جوانکاری و داهێنانێکی لێ دەکەوێتەوە .

رەخنەگری ئینگلیزی ( هازلت ) دەڵێت» شیعر دەربڕین و وەرگرتنێکە بە هەڵمژین و چێژ وەرگرتن لە سروشت و کاردانەوەی ڕووداوەکان کە بە بزاوتی و جولەی نا هەستی لە خەیاڵدا جێگیـر دەبێ و شتێك لەو سروشتە جێدەهێڵێ و دواتر بە زمانێکی دی و مۆسیقا و هارمۆنییەك دەربڕینێکی تری لێ دەکەوێتەوە « ( 6 )

ئەوەتا شاعیر ( بەرۆژ ئاکرەیـی ) لە ژێر ناونیشانی ( سروشت ) کە بە نێو سروشتێك شیعرەکەی تێپەردەکات، بەڵام ئەو سروشتە جوانتـر دەکات کاتێ مەرامەکەی گڵۆپە سوورەکەیە دادەگیرسێ و دوا چەکۆشی خۆی لەم چەند دێڕەدا دەوەشێنێ کە چی مەبەستە .. کاتێ دەڵێت :

**چەمێـکی مەند ، بە لا چەپی گوندەکەدا ، رادەبورێ**

**لە سەر ( پرد )را ســەر داچەمێنیت**

**گوڵاڵەی ســوور سەر ئاو کەوتوون**

**سەر هەڵبـڕیت**

**قەیرە کچێك دانشتووە و**

**کراسەکەی دەشواتەوە** * ( 7 )

*کاتێ شیعر وەك هێلکەیەکی سپی کراو و ئاسان و ڕاستەوخۆ خۆ بدات بەدەستەوە بێ ئەوەی خەیاڵ و هێما و هارمۆنیەتی ناوەوەی تیا بێ، بە بێ ئەوەی چنینەوە و وێنە و فەلسەفەیەك و حەپەسان و سەرسووڕمانێکی تیا بێ، بە بێ ئەوەی دانەبران و بە دواچوون و پەرۆشیەکی خوێنەری تیا بێ، تا بە ئەنجامێك دەگات و جۆرەها خوێندنەوەی بۆ هەبێ ، ئەو جۆرە شیعرانە دەکەوێتە خانەی زۆری و بۆری و لە سایدی داهێنان و تایبەت و دەگمەنی و زەمەنبڕی دەردەچێ، ئەوەتا ( مالارمــێ ) ی شاعیـری فەڕنسایی لە ژێێر ناونیشانی ( دڵەڕاوکێ ) شیعرێکی هێما ئامیزی پڕ و چڕ واتادار و مانا بەخش و خەیاڵڕەوی هونەری و شارستانی و سەردەمیانەی خستۆتە بەردەستمان، کە هەر رستە و دێڕێکی چەندین لێکدانەوە و تەئویل هەڵدەگرێ و لە

دواین رستەکانیشیدا گڵۆپە سورەکە بۆ خوێنەر دادەگیرسێنێ، هەستی خۆی ئاشکرادەکات، لێرەدا هەوڵدەدەم بە پێی لێکدانەوە و بۆچوونی خۆم دێڕ دێڕ و ڕستە ڕستە شیبانبکەمەوە، کە تیایدا هاتووە و دەڵێت :

**من ئەمشەو نایەمە سەر عەرشی دڵت ، ئەی ئەو ئاژەڵەی**

**کە گوناهەکانی خەڵکی تێدەڕژێ**

**من سەرخەوێکی قورسی بێ خەوبینینم لە نوێنت دەوێ**

**کە لە ژێر پەردە نامۆکانی لۆمەدا ڕاکشاوە و**

**تۆ خۆشت دەتوانی ،**

**ئەگەر درۆ ڕەشەکانی خۆت لێتگەڕێن ، تامی بکەی**

**تۆیەك کە لە مردوو باشتر واتای عەدەم تێ دەگەی**

**شەهوەت ، چونکە دڵ بڵندیمی دامرکاندووە**

**دەستی نەزۆکی خۆی لە تۆش و لە منیش وەشاندووە**

**بەڵام مادام سنگی بەردینت دڵێکی تێدا**

**من لێو بە بار ، سەر هەڵدەگرم ، دەڕۆم ، کفنم لە سەر شان**

**چونکە لە ناوجێ ، من هەمیشە ، ترسم لەوەیە بمرم بە تەنێ * ( 8 )**

لەم شیعرەی ( ستیڤان مالارمێ ) هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی جۆرێکە لە تەونێکی دارژراوی پڕ لە هێما و حیکمەت و فەلسەفە، شیعرەکە باس لە ژنێکی لەشفرۆش دەکات، کە وەك ئاژەڵێك گوناهەکانی خەڵکی تێدەڕژێ، ئەگەر چی سنگی بەردینی ئەو لەشفرۆشە دڵێکی تیایە لەگەڵ ئەوەشدا باس لە خۆی دەکات لە بەر ئەوەی پێویستی بە هاوەڵ و سەرجیی بوون هەیە نایەوێ رۆژێ بە تەنیایی لە ناو جێدا وەك خۆی دەڵێت ( ترسم لەوەیە بمرم بە تەنێ ) ئەگەر چی لەشفرۆشێکیش بێت لە گەڵیدا بێت، واتە خاڵی کۆتایی مەرام گڵۆپی سوور لە وشەی کۆتایە ( دڵەڕاوکێیی لە- تەنیاییەکیدایە ).

*شاعیر و نووسەر و سیاسی مکسیکی ( ئۆکتافیۆ باز ) دەڵێت»( لە ڕێڕەوی مێژووی دێریندا، لە رۆژگارە جۆرە و جۆرەکاندا، شاعیران بە شیعرەکانیان بەشداربوون لە ژیانی ڕامیاریدا، لێرەدا نامەوێ باس لەو هونەرە بکەم کە لە پێناو خزمەتی دەوڵەت و دەسەڵات و کەنیسە و ئایدۆلۆژیا کراوە، من باس لە شاعیر و شیعر و هونەرێك دەکەم کە بەشداری لە ژیانی مەدنیەت دەکەن، چونکە ئەو شیعرانەی لە خزمەت ئایدۆلۆژیا و دەوڵەت و دەسەڵات و کەنیسەکان دەبن هەمان ئەنجامی دەبێت، کە دەوڵەت و کەنیسە و دەسەڵاتەکان پەرتەوازە دەبن و دەپوکێنەوە، تەنیا شیعرەکانی شارستانی و مەدەنیەت دەمینێتەوە)*(9) بەڵێ ئەم شیعری مالارمێ لەگەڵ رۆحی مەدنیەت ئاوێزانە، هەر وەك لەو دێرانەی سەرەوەدا باسم لێوە کردووە، ئەگەر چی بۆ کەمینە و نوخبەیە لە بەر ئاستی بەرز و وەرگرتنی چەمکەکەی ... دیارە شاعیر و رەخنەگر ( جیمفیـریـر ) سەبارەت بەم وتەیەمان لە وتارێکیدا لە ژێر ناونیشانی ( شیعر و بڵاوکردنەوە )دا دەڵێت» یەك لە سیما باڵاکانی شیعری هاوچەرخدا پێداگری لە سەر هونەری کەمینە دەکاتەوە « * ( 10 )

*شاعیـر (حەمە عەباس ) بە ئاڕاستەیەکی ناڕاستەوخۆ بە لوولدانی وشەیەك لە سەرەتای شیعرەکەی وەك گەمەیەکی زمانەوانی (دوێنێ بە شەقامێکا تێپەڕی، ئەمڕۆ تەرمەکەی پێدا هاتەوە ) کێیە ... تەرم ، دواتر دەبێتە کۆ ، تەرمی هەمووان ، دوا وتەی بۆ (وشەیەکە ئەویش ـ شـەڕ ) کە چەند کڵۆڵە و هەمووان دەبنەوە خاوەنی تەرمەکانیان لەگەڵ بیرەوەری و نەمرییەکانیان و شانازیی پێکردنیان دەژین، بەڵام ئەوەی کە نابێتە خاوەنی تەرم و تەنیا دەمینێتەوە دوا وشەیە کە شاعیر چەکۆشەکەی لێ وەشاندووە وشەی ( شەڕە ) کاتێ دەڵێت:

**دوێنێ بە شەقامێکا تێپەڕی**

**ئەمـڕۆ تەرمەکەی پێدا هاتەوە**

**تەرمەکان بە ڕێـوەن**

**تەرمــی هەمــووان**

**چەند کڵۆڵە شــەڕ**

**تەنها ئەو دەمینێتەوە و نابێتە خاوەنی تەرم * ( 10 )**

*دوا نموونەمان هەر لەسەر ئەو بابەتەیە، لەکۆی بابەتەکە،کە بۆچوونەکەمان چڕکردۆتەوە لەو جۆرە دەربڕینانەی شاعیران کە دوا مەرام و دوا وشە بۆ خوێنەران دادەگیـرسـێـنن ، مەرجیش نییە شیعر کورت بێت، یا درێژ دادڕ ، گرنگ لێرەدا چەند دەبەخشێ .

وتارو لێكۆڵینەوە

## سەرچاوەكان

1*كۆمەڵە شیعری ( حەمە كاكە ڕەش ) لە ژێر ناونیشانی ( بە بێ تۆ ئاسمان نابینم ) لە بڵاوكراوەكانی یەكێتیی نووسەرانی كورد لقی كركوك / ژمارە 224 لە 2013 / ل 52 .

2هەمان سەرچاوە ، ل 53 .

3 * ڕۆژنامەی هەولێر ژمارە ( 2285 ) لە 30 / 12 / 2015 / شیعر ( بۆتان جەلال )

4*گۆڤاری ( الثقافە الاجنبیە ) ژمارە ( 1 ) ساڵی سێیەم / 1982 / نووسینێك بە ناوی ( دارس الكلام الفنی ) ڤــ . ( ) كۆژینۆڤ / وەرگێڕانی جمیل نصیف

5*كۆمەڵـە شـیعری ( هێمن بەرزنجی ) بە ناونیشانی ( ئەلبۆمێك لە خەیاڵ ) چاپخانەی پەیوەند / 2013 / ل 87 و 89 .

6*كتێبی ( التجدید فی الشعرالحدیث ) نووسینی ( د . یوسف عزالدین ) لە بڵاوكراوەكانی / دار المدی للثقافە و النشر / چاپی دووەم / 2007 / ل 47

7*دیوانی شیعر بەناونیشانی ( تاكو دوێنێ ) / بەرۆژ ئاكـرەیی / لە بڵاوكراوەكانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان / بەڕێوەبەرایەتی چالاكی و وێژەیی / هەولێر /2013 /ل 42 .

8*كتێبی ( ڕێبازە ئەدەبیەكان ) وەرگێران و تۆژینەوەی ( د . فەرهاد پیرباڵ ) / چاپخانەی منارە / هەولێر /چاپی دووەم /2006 / ل 157 .

9*كتێبی ( الشعر و نهایە القرن - الصوت الاخر ) نووسینی ( ئۆكتافیو باز ) وەرگێرانی ( ممدوح عدوان ) دراسات ، دار المدی ، چاپی دووەم ، بغداد،2015 / ل55 .

10*كۆمەڵە شیعری، جەنتایەك پڕ لە بەتاڵی، حەمە عەباس، لە بڵاوكراوەكانی بزاڤی رۆشنبیری نوێخواز، زنجیرە ( 39 ) هەولێر، 2005، ل 24 .

## كورتەیەك لە ژیاننامەی شاعیر ( موحسن ئاوارە )

*لە ساڵی 1951 لە دایك بووە

* لە 1969 یەكەم شیعری بە ناوی سروودی پێشمەرگە لە ئێزگەی دەنگی كوردستانی عیراق خویندووەتەوە كە ئەو كات پێشمەرگە بووە .

*لە 1972 بووە بە ئەندامی یەكێیتی نووسەرانی كورد لقی هەولێر.

* لە 1974 بووە بە ئەندامی دەستەی بەڕێوە بردنی یەكێتیی نووسەرانی كورد / لقی هەولێر .

* لە ( 1999 ) ئەندامی كارای سەندیكای ڕۆژنامە نووسانی كوردستانە.

* لە 1992ـ 1996 جێگری سەرۆكی نووسەرانی لقی هەولێر بووە.

* لە 1996 ـ 2004 ڕاوێژكار بووە لە وەزارەتی رۆشنبیری هەرێمی كوردستان.

* لە 2006 ـ 2010 بەرپرسی بنكەی ئەدەبی و ڕۆناكبیری گەلاوێژ بووە لە هەولێر.

* لە 2010 جارێكی تر هەڵبژێردراوە بووە بە جێگری سەرۆكی یەكێتیی نووسەرانی كورد / لقی هەلێر تا ئێستاش بەردەوامە .

*جگە لە بەرهەمە بڵاوبووەكانی لە گۆڤار و رۆژنامەكان كتێبە چاپكراوەكانی شەوارە شیعر 1978 - چۆڕاوگە شیعر 1983 - - دەچنە ڕێواسان شیعر 1984 گوڵە یاقووتیەكان شیعر 2000 - گوڵناز شیعر 2003 - لە ژێر ساباتی شیعردا لێتۆژینەوەی ئەدەبی 2006 - لە كیشوەری جوانەكاندا شیعر 2008 - نازی تاوس و ئاورینگی قوڵینگ شیعر 2008 - لە باخەڵی باخدا شیعر 2012 - سێوێك بۆ هەڵدان.. دەستێك بۆ گرتنەوە شیعر 2012 - خەڵات شیعر بۆ منداڵان 2011 كاریزە مەرجان،كۆ شیعر 2014